«عەبدولڕەحمان پاشای بابان» لە سەفەرنامەی جەیمز مۆریەدا

لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی: ئەبولقاسم سڕڕی
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)


ئاماژە

جەیمز مۆریە (١٧٨٠- ١٨٤٩ی ز) لە دایکبووی ئەزمیر، وەک سکرتێری باڵۆێزخانەی ئینگلیز، هەروەها سیاسەتوان و نووسەری بریتانیایی سەدەی نۆزدەیەم، لە سەردەمی فەتحەلی شای قاجار هاتووەتە ئێران و کۆی سەردانەکەی بەشێوەی سەفەرنامە لە دوو بەرگدا نووسیوەتەوە: بەرگی یەکەم ساڵی ١٨٠٨ – ١٨٠٩ی زایینی و بەرگی دووەم ساڵەکانی ١٨١٦ - ١٨١٠ دەگرێتەوە (١). مۆریە لە دووتوێی بەرگی دووەمدا، لە چەند بەش بەشێوەی پەرتەوازە، لەبارەی عەبدولڕەحمان پاشاوە (١٧٩٠ – ١٨١٤ی ز) دواوە (٢)، کە لێرەدا ئەم بەشانە بە دووی یەکدا دێنینەوە تا ڕوانگەی ناوبراو سەبارەت بەم پاشایە، ڕوون بێتەوە.

دەقی سەفەرنامەکەی جەیمز مۆریە

لە کاتی گلخواردنەوەمان لە ئیسفەهان، شەڕی نێوان محەمەدعەلی میرزا، حاکمی کرماشان، لەگەڵ عەبدولڕەحمان پاشا، حاکمی بەهێزی کوردستان، ترسێکی گەورەی نابووەوە. هۆکاری ململانێ و پەرەسەندنی شەڕەکە هیی ئەوە بوو حکوومەتی کوردستان کە بە دەست سەرۆکەکانییەوە بەڕێوەدەچوو، هێندێکیان بە دەوڵەتی عوسمانی و هێندێکیان بە حکوومەتی ئێرانەوە پێوەندییان هەبوو؛ باقیش تەنیا خاوەن سەربەخۆیی ناو بوون کە بەپێی قازانج،

لـه چوارچێـوەی یەکێـک لـەم دوو وڵاتـەدا لـه هاتوچۆدابـوون. ئەوانـه ژیانـی کۆچەرییـان لـه رێگـەی تاڵانـەوه بەڕێـوه دەچـوو. عەبدولڕەحمـان پاشـا سـەر بـه حکوومەتـی عوسـمانی و نزیـک مەڵبەنـدی «پاشـالیک»ی (٣) بەغـدا بـوو. کاتـێ پاشـای بەغـدا، عەبدولڕەحمـان پاشـای بەهـۆی نافەرمانـی، لـه پۆسـتەکەی وەلانـا، ئـەو ناعیـلاج بـۆ یارمەتـی، پەنـای بـۆ بـارەگای ئێـران بـرد. ئێرانییـەکان لەنێـوان ئـەو و پاشـالیکی بەغـدا، بوونـه نێونجیگـەر و دوای ئاشـتکردنەوەیان، عەبدولڕەحمـان پاشـا گەڕایـەوه ئەمارەتەکـەی خـۆی، هەڵبـەت بـه مەرجێـک کوڕەکـەی لـەلای شـای ئێـران بارمتـه بێـت، تـا مەجبـوور بـێ سـەرانەی سـاڵانه بـه ئێـران بـدات (٤). پـاش ماوەیـەک بابیعالـی (٥)، لـه شـێوەی هەڵسـوکەوتی سـولەیمان پاشـای بەغـدا نـارازی بـوو؛ هـەر بۆیـه بەپێـی فەرمانێـک، مۆڵەتـی- ئیجـازەی بـه سـەرۆک ئەفەنـدی دا بچێتـه بەغـدا تـا پۆسـتەکەی لـێ بسـتێنێتەوه و عەبدوڵڵاغـای لەجـێ دابنێـت. سـەرۆک ئەفەنـدی (٦) لـه بەغـدا تـێ دەگـا کـه هێـزی پێویسـتی بـۆ بەرەنگاربوونـەوه لەگـەڵ سـولەیمان پاشـا نییـه؛ هـەر لـەو ڕووەوه، داوای یارمەتـی لـه عەبدولڕەحمـان پاشـای کـورد کـرد. عەبدولڕەحمـان پاشـاش کـه توانیبـووی دووبـاره هێزێکـی دی بـۆ خـۆی بـەدی بێنێـت، لەشـکرێکی زۆری بـۆ یارمەتـی سـەرۆک ئەفەنـدی نـارد کـه دوای ململانـێ لەگـەڵ دوژمنـی لەمێژینـەی خـۆی لـه بەغـدا و شکسـت دانـی، لـه ئاکامـدا دەیکـوژێ، پاشـان سـەرۆک ئەفەندی دەیەوێ قۆناغی دووەمی فەرمانـی بابیعالـی جێبەجـێ بـکا. عەبدولڕەحمـان پاشـاش کـه سەرخۆشـی دەسـکەوتی ئـەم سـەرکەوتنه بـوو، لـه هەمبـەر خزمەتەکانـی خـۆی، لـه سـەرۆک ئەفەنـدی ویسـت کـه بـۆ جێـی



جەیمز مۆریه

عەبدوڵـلّا ئاغـا، یەکێـک لـه هاوڕێکانـی خـۆی کـه بەڕێکـەوت ئەویـش هـەر نـاوی عەبدوڵـلّا بـوو، بکاتـه سـەرۆکی بەغـدا.


عەبدولڕەحمـان پاشـا کـه لـه کاروبـاری سـەرکەوتووانەی خۆیدا تووشـی خۆبینـی بوویـوو، پەیمانـی خـۆی لەگـەڵ حکوومەتـی ئێـران خسـتەژێر پـێ و داوای گەڕاندنـەوەی کوڕەکـەی کـرد کـه بـه بارمتـه لـه ئێـران گیرابـوو. لـەو ماوەیـەدا، کوڕەکەیـان لـه بارەگاوه (کۆشـکی شـا) بـۆ لای محمەدعەلـی میـرزا لـه کرماشـان نـارد، کـه مەڵبەنـدی فەرمانڕەواییەکـەی لەگـەڵ کـوردەکان هاوسـنوور بـوو. عەبدولڕەحمـان پاشـا هێزەکانـی خـۆی کـه لـەم دواییانـەدا بەهـۆی لەشکرکێشـی بەهێزتـر و لەبارهاتووتـر بووبـوو، خـڕ هەڵـدا و هەڕەشـەی لـه محەمەدعەلـی میـرزا کـرد کـه ئەگـەر کوڕەکـەی دەسـتبەجێ بـه دەسـتەوه نـەدا، هێـرش دەکاتـه سـەر کرماشـان. شـازادەی قاجـار کـه وای دی، دەسـتی بـه کۆکردنـەوەی هێـز کـرد،

جا بەهۆی تێکۆشان و لێبڕان، کە تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەو بوو، بێ سێ و دوو پەلاماری ناوچەی پاشای دا، هەر بەو شێوەیەی کە لە وڵاتی خۆی ڕەچاوی دەکرد، بەربووە سووتان و تاڵان و وێران کردن.

لەبارەی ئیرادە و بڕیاری قایم و بوێریی محەمەدعەلی میرزاوە دەڵێن کە لە کاتی شەڕدا کفنەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد؛ ئەم کارە لە ڕوانگەی ئێرانییەکانەوە بەو واتایە بوو کە دەبێ شەڕ، بە مەرگ، یان بە سەرکەوتن کۆتایی پێ بێ. بەگوێرەی وتەی ئێرانییەکان، ئازایەتی شازادە، بووە هۆی پەشۆکاوی و تۆقاندنی کوردەکان. عەبدوللڕەحمان پاشاش بەجێی ئەوەی چاوەڕێی پەلاماری ناوبراو بمێنێتەوە، دای لە شاخ و سلێمانیی بۆ تاڵان و بڕۆی ئێرانییەکان بەجێ هێشت، ئەوجا شازادەش بە پەلە هات و شارەکەی گرتەوە.

ڕۆژێک کە لە ئیسفەهانەوە باری سەفەرمان تێکنا و بەڕێ کەوتین، بیستمان کە شەڕی دوو لایەن کۆتایی پێ هاتووە؛ بەجۆرێک کە لە ئاکامدا عەبدوللڕەحمان پاشا ژنێک و کوڕێکی خۆی لەگەڵ پەنجا هەزار تمەن وەک دیاری بۆ ئێران نارد، بە مەرجێک کە دووبارە دەسەڵاتدارێتی سلێمانی پێ بدەنەوە، هەروەها بڕیار درا کە ساڵانە بڕە پارەیەک باج بە حکوومەتی ئێران بدا. نموونەیەک لە دڕاندایەتی محەمەدعەلی میرزا کە نابێ لە بیر بچێت (۷)، ئەوە بوو کە چەند ڕۆژ پێش هێرش کردنە سەر عەبدوللڕەحمان پاشا، لە کرماشان، لە هەڕەتی تووڕەییدا فەرمانی کوشتنی کوڕەکەی پاشای دا و دەستبەجێ فەرمانەکەی جێبەجێ کرا (۸). (ل: ۱۹۳ - ۱۹۵)

شازادە، واتە محەمەدعەلی میرزا، پیاوێکی بەگوڕ بوو؛ خاوەن ڕواڵەتێکی ئاسایی و دەموچاوێکی ناشیرین، لەگەڵ ئەوەش زیت و چالاک بوو. زۆر بە خۆشحاڵی و بە دەنگی بەرزەوە لەکاتی قسەکردن، سەر و دەستی دەجووڵاندەوە. زۆر بە وریایی قسەکانی خۆی دەردەبڕی. دوای کۆمەڵێک پرسیار، ئەوجا لەبارەی وەڵامی پرسیارەکانی دەهاتە سەر تاووتوو. زۆر لاسارانە پێداگری بیروڕای خۆی بوو، تەنانەت زۆر بەڕاشکاوی دژایەتی دەکرد، بەڵام دیار بوو لەحاند باریکەڕێسی و پێداهەڵدان، هیچی نەدەکوت؛ چون کاتێ کە باڵوێز [سر گور اوزلی] (۹) پەسنی سەرکەوتنی ئەوی لە شەڕی عەبدولڕەحمان پاشای کورد دا، زۆر خۆی ماقوول کرد و بە هەڵسوکەوتی وای نیشان دا کە ئەو شەڕە، شتێکی زۆر ئاسایی و ساکار بووە. لە وەڵامیشدا وتی: «ئەم شەڕە چتێک نییە کە ناوی خزمەتی لێ بنێی، بەڵکوو تەنیا نۆکەرانی قیبلەی عالەم (شا)، ئەرکی خۆیان


A
SECOND JOURNEY
THROUGH
PERSIA,
ARMENIA, AND ASIA MINOR,
TO
CONSTANTINOPLE,
BETWEEN THE YEARS 1810 AND 1816.
WITH
A JOURNAL OF THE VOYAGE
BY THE BRAZILS AND BOMBAY TO THE PERSIAN GULF.
TOGETHER WITH
AN ACCOUNT OF THE PROCEEDINGS OF HIS MAJESTY'S EMBASSY
UNDER
HIS EXCELLENCY SIR GORE OUSELEY, BART. K.L.S.
BY JAMES MORIER, Esq.
LATE HIS MAJESTY'S SECRETARY OF EMBASSY AND MINISTER PLENIPOTENTIARY TO THE COURT OF PERSIA.
WITH TWO MAPS,
AND ENGRAVINGS FROM THE DESIGNS OF THE AUTHOR.
LONDON:
PRINTED FOR LONGMAN, HURST, REES, ORME, AND BROWN,
PATERNOSTER-ROW.
1818.
EX LIBRIS

بەجێ هێناوە، ئەوانە بە خزمەت حسێب نایەن، هەر کات نۆکەرانی شا گیانیان لە ڕێیدا بەخت کرد، ئەو کەڕەت دەتوانین بڵێین خزمەتیان کردووە.» (ل: ٢٣٤ - ٢٣٥)

چون وتوێژی تایبەتی باڵوێز لەگەڵ شازادە بە قازانجمان بوو، لە بەهاری ١٨١٢ی ز، خێوەتەکانمان کۆوەکرد و لە کۆتایی مانگ، بەرەو تەورێز بەڕێ کەوتین. لە سەفەرنامەی پێشوو (بەرگی یەکەم) لەبارەی ڕێگەی تەورێز هێندێک دووام، بەم بۆنەیەوە لەم سەفەرەدا بە چەند خاڵێکی تازە ئاماژە دەکەم.

فەتحەلی شا لە لێواری باکووری ڕووباری کەرەج، سەرقاڵی دروستکردنی کۆشکێک بوو بەناوی سلێمانی (سلێمانییە)، کە قەرار بوو قەڵایەکی گەورەی لە تەنیشت ڕاکێشن و شارێکیش بەیادی ئەو شارەی وا لە دەست سەرکردەی کورد عەبدولڕەحمان پاشایان دەرهێناوە، دروست بکەن. بڕیار بوو خەرجیی دروستکردنی کۆشک و شارە نوێیەکە، هەر بەو چتانەی وا کە لەم شارە و دەوروبەرەکەی تاڵان کرابوو، دابین بکرێت. نزیک سەد کەسی گوندمان دی کە بە دوندی شووڕەکانی دژەوە، سەرقاڵی ئیشکردن بوون. حەوشەی قەڵا، کە بە ئەندازەی دوو سەد گەز دەبوو، بەشێوەی چوارسووچ هەڵکەوتبوو کە لە هەر سووچێکی، بورجێک و لە هەر شووڕەیەکی دەروازەیەک دابین کرابوو. شووڕەکانیان لەسەر بناغەی بەرد، بە خشت هەڵچنیبوو. تاقی کەوانیی دەروازەکان، لە خشت پێک هاتبوو. بۆ دروستکردنی خشت، خۆڵی چاڵاوە نزیکەکانیان لەگەڵ ئاو و کا، تێک تێکەڵ دەکرد، پاشان لەناو قاڵبیان دەکرد و لەسەر تەختایی، بەڕیز دەیانچنی تا لەبەر تاو وشکوبرینگ دەبوونەوە. ئەم شێوازە بینایە ناوی کاگڵی بوو، کە لە کا و گڵەسوورە پێک دەهات. ئەم کارانەیان هەموو بەپێی شێوەی باو، واتە بێگاری، بە ڕەنجبەری گوند دەکرد.

ئێرانییەکان وەک هەموو خەڵکانی ئاسیایی زەوقی داهێنانیان نییە، بەڵام شارەکانیان بە نەخشەی هاوشێوە ڕۆدەنێن؛ واتە سەرەتا کۆشک، پاشان «گۆڕەپان»، ئەوجا مزگەوت و لە کۆتاییشدا «بازاڕ» دروست دەکەن. قەرار بوو ئەم بیناگەلە دوابەدوای یەک دروست بکرێن و سولەیمان میرزا بچووکترین کوڕی شا، ببێتە حاکمی شاری تازەبنیادنراو و چەند دێی نزیک ئەوێی بەشێوەی مووچەی خەڵاتی بۆ هەمیشە پێ بدەن. ئەفسوونی وشەگەلی سەروادار و هونەری ڕەوانبێژی لەبەر گوێی ئێرانییەکان وەهایە، کە هاکا نێوی سولەیمان میرزا ببێتە هۆی ئەوەی شارێک بەناوی سلێمانی دروست بکەن! (ل: ٢٣٩ - ٢٤٠)

لە بیرمانە کە عەبدولڕەحمان پاشای کورد، دوای تێکشکانی لەلایەن محەمەدعەلی میرزاوە، سەرلەنوێ بۆ پێتەختی خۆی سلێمانی گەڕێنراوە، بەڵام بە مەرجێک کە چەند بارمتە و هێندێ باج، بۆ بارەگای ئێران بنێرێ. عەبدوڵڵا پاشا حاکمی بەغدا کە لەم بارودۆخە دڵگران بوو، ئیزن و فەرمانی لە بابیعالی خواست تا سەری عەبدولڕەحمان پاشا ببڕێ و سلێمانی بە هەرێمی حکوومەتی خۆیەوە بلکێنێ. بابیعالی کە ڕێگەی دا، عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ هێزەکانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە بەڕێ کەوت و توانی لەم شەڕەدا، عەبدولڕەحمان پاشا تێک بشکێنێ. عەبدولڕەحمان پاشا، چون پێتەخت و دارایییەکەی کەوتبووە دەست تورکانەوە، ڕای کرد بۆ کرماشان تا لە محەمەدعەلی میرزا یارمەتی بخوازێ. محەمەدعەلی میرزا کە لەمێژ بوو

بەشوێن بەهانەیەکەوە دەگەڕا تا شا مەجبوور بکا پەلاماری بەغدا بدات، دەستبەجێ دالّدەی عەبدولڕەحمان پاشای دا و ئاژاوەیەکی گەورەی نایەوە سەبارەت بەوەی کە خۆ تێ هەڵقورتاندنی حکوومەتی تورک، سووکایەتی کردن بە ئێرانە؛ هەروەها پێداگریی کرد کە ئابڕووی تەواو بەوەوە گرێدراوە کە عەبدولڕەحمان پاشای کورد بگەڕێنێتەوە بۆ شاری خۆی و هەڕەشەی کرد ئەگەر شا نەهێڵێ عەبدولڕەحمان پاشا دووبارە بگەڕێتەوە بۆ سەر حکوومەتی سلێمانی، ئەو بۆ پاککردنەوەی ئەم شووڕەییە، خۆی دەرمانخوارد دەکا. شا بەڕادەی کوڕەکەی، پێی خۆش بوو پەلاماری بەغدا بدات، بەڵام لە ترسی دڵهێشانی باڵوێزی ئینگلیز کە زۆر ماندوونەناسانە بۆ ئاشتی نێوان دوو وڵات نێونجیگەری دەکرد، لە ویست و داخوازی خۆی، کە هەمان هێرش کردنەسەر بەغدا بوو، چاوپۆشی کرد، بەڵام لەسەر داواکاری کوڕەکەی، دەستەیەکی زۆر هێزی نارد تا بەسەر پێشهاتی شەڕی نێوان عەبدولڕەحمان پاشا و پاشای بەغدادا، چاودێری بکەن.

فەتحەلی شا لەم هەلومەرجەدا لە سیاسەتی ئەشکانییەکان پەیڕەوی دەکرد؛ چونکە بەشێوەی نهێنی، فەرمانی بە سەرپەلی هێز دابوو کە لە هیچ لایەنێکی شەڕ پشتیوانی نەکەن و گوێقوڵاخ بمێنن و بزانن کێ سەردەکەوێ تا لای ئەو بگرن. کاتێک کە دەرکەوت پاشای بەغدا سەرکەوتووە، شا لافی لێ دەدا کە یارمەتی تورکەکانی داوە.

واژۆی گرێبەستی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیا، بووە هۆی دڵگرانی شا و زیادکردنی ناکۆکیی لە نێوان ئێران و عوسمانی، لەو ناوە تەنیا دیالۆگ و نێونجیگەری و هەوڵەکانی بەردەوامی باڵوێزی ئێمە، توانی شای ئێران لە کاروباری شەڕ، بۆ بە حکوومەت گەیاندنی دووبارەی عەبدولڕەحمان پاشا و گرتنەوەی سلێمانی، پاشگەز بکاتەوە. (ل: ٢٦٠- ٢٦١)

کاری نێوان ئێران و عوسمانی، بە هیچ جۆر چاری نەدەکرا و ماوەیەکیش هەر بەو شێوەیە مایەوە، بەڵام ئاشتی لەگەڵ پاشای بەغدا، دوژمنایەتی نێوان دوو وڵاتی کەم کردبووەوە و پاشا بەڵێنی دابوو بڕێک پارەی نەغد (نەقد) بۆ قەرەبووی خەرجەکانی ئێران کە بە قازانجی عەبدولڕەحمان پاشا بەشداری کردبوو، بگرێتە ئەستۆ. (ل: ٢٦٢)

پەراوێزەکان:

1. A journey through Persia, Armenia, and Asia Minor, to Constantinople, in the years 1808 and 1809.

A second journey through Persia, Armenia, and Asia Minor, to Constantinople, between the years 1810 and 1816.

٢- عەبدولڕەحمان پاشا، کوڕی مەحمودپاشا (١٧٧٧- ١٧٨٢ی ز)، لە ماوەی ٢٤ ساڵدا (١٧٩٠ - ١٨١٤ی ز)، شەش جار بە ئەمارەت گەیشت. سەبارەت بە سەردەمی دەسپێکی حوکمڕانییەکەی، بیروڕای جیاواز هەن، بەڵام میژوونووسی ئەم میرنشینە، واتە «عبدالقادر بن رستم بابانی»، کە ڕەنگە باوەڕپێکراوترین سەرچاوە بۆ ئەم ئەمارەتە بێت، ساڵی ١٢٠٧ی ک/ ١٧٩٢ی ز، دەستنیشان دەکات. (نصیری، ١٣٩١: ٢٤).

٣- پاشالیک: وشەیەکی تورکییە کە لە پادشا و لیک (ئامرازی پێوەندی) پێکهاتووە؛ بە واتای هەرێمی ژێر دەسەڵاتی پاشا، یان وەلایەت. بە پارێزگایەک دەوترێ کە لەژێر دەستی حوکمەتی پاشایەکدا بێت (دهخدا، ١٣٧٧: ج٤/٥٣٦١).

٤- عەبدولقادری بابانی لە کتێبی «سیرالاکراد»دا، لە بەشێک بە ناوی «گەڕانەوەی دووبارەی عەبدولڕەحمان پاشا بۆ ئەمارەتی بابان بە یارمەتی ئێران»، دەنووسێ: «لە ماوەیەکی کەم، دەستەیەکی زۆر خەڵکی بابان لە دەوری عەبدولڕەحمان پاشا

خرپوونەوە. شازادەش هێندێ هێزی بۆ یارمەتی لەگەڵ خست. لە تارانەوە بەرەو بابان بەڕێ کەوت. سلێمان پاشا لە گەڕانەوەی ئاگادار بووەوە. تاقەتی خۆلەبەر ڕاگرتن و هێزی تێک هەڵچوونی لەخۆدا شک نەبرد، هەر بۆیە بێجگە لە ڕاکردن، چارەیەکی نەبوو. عەبدولڕەحمان پاشا بێ هیچ لەمپەر و بەرگرییەک گەیشتە سلێمانی و لەسەر تەختی ئەمارەت دانیشت. دیارییەکی شایان و بڕاردەی لەگەڵ کوڕەکەی خۆی بەناو عوسمان بەگ، بۆ بارەگای شا و بۆ خزمەت محەمەدعەلی میرزا ڕەوانە کرد. لەم سەروبەندە هیچ نەیارێکی لەحاددا نەمابوو؛ چونکە سلێمان پاشای کوڕی برایم پاشاش مردبوو. عەبدولڕەحمان پاشا، هەر بە دوو ساڵ جارێک، لە تاران، یان لە چەمەنی سوڵتانییە (سەر بە پارێزگای زەنجان)، دەچووە خزمەت شا و دیسان بۆ شوێنەکەی خۆی دەگەڕاوە. ماوەی بیست و چوار ساڵ بەم شێوەیە ژیانی بەسەر برد و ئاکام کۆچی دوایی کرد. پاش کۆچەکەی خەڵکی شار ماتەمینیان بۆ گرت و بەشێوەی عەشیرەت پرسەیان بۆ گێڕا. لە هەموو زێدە کوردنشینەکانەوە، بەتایبەت ئەردەڵان، بۆ پرسەکەی هاتن؛ پرسەگێڕانەکەی دوو مانگی ڕەبەقی خایاند. عەبدولڕەحمان پاشا پیاوێک بوو وەسف کراو بە بوێری و ناسراو بە پارێزکاری، بەڵام یەکجار بێ بەزە و بێ ترس بوو. خودا، ئەوی دڵڕەق و ئاکارتووڕە ئافراندبوو. لە هەر گۆڕەپانی شەڕێکدا بەتەنیایی لە گشت هاوڕێکانی ئازاتر بوو.» (بابانی، ١٣٧٧: ١٤١- ١٤٢). بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ گەڕانەوەی عەبدولڕەحمان پاشا بۆ میرنشینی بابان بۆ جاری چوارەم، هەروەها ناردنی کوڕەکەی بۆ ئێران و پێداگری بەغدا سەبارەت بە داواکردنی عوسمان بەگ لە ئێران، بڕوانە: نصیری، ١٣٩١: ٢٧.

٥- باب عالی: بارەگا و کۆشکی سوڵتانی عوسمانی (دهخدا، ١٣٧٧: ج٣/٣٨٤١).

٦- ناوی وادیارە (حالت افندی؛ رییس الکتاب دولت عثمانی) بووە کە لەگەڵ عەبدولڕەحمان پاشای بابان بۆ کۆکردنەوەی هێز ڕێک دەکەون تا پەلامارى سەر بەغدا بدەن. کاتێ سولەیمان پاشا دەزانێ دەرەقەتیان نایە، دەستی یارمەتی بۆ لای محەمەدعەلی میرزا درێژ دەکا. محەمەدعەلی میرزاش لە ڕێی نامەیەکەوە بە عەبدولڕەحمان ڕادەگەیەنێ کە لەم شەڕە خۆ بپارێزێ، بەڵام عەبدولڕەحمان پاشا بەگوێی ناکات. لە شەڕی ناودێر بە بەغدا، سولەیمان پاشا شکست دەخوات و لە کاتی هەڵاتن لە لایەن عەرەبەکانی هۆزی شمرطوقە دەکوژرێ...(نصیری، ١٣٩١: ٢٧)

٧- «ڕیچ»یش لە سەفەرنامەکەی بە نموونەیەک لەم دڕندایەتییەی محەمەدعەلی میرزا ئاماژەی داوە. بڕوانە: (ڕیچ، ١٣٩٨: ١٧٤).

٨ - بەگوێرەی ئەوەی «ڕیچ» دەیگێڕێتەوە، مەحموود پاشاش کاتی خۆی کە لە ئێران بارمتە بووە، نزیک بووە بەدەستی شازادە محەمەدعەلی میرزا بکوژرێ، بەڵام ڕیچ دەڵێ مەحموود پاشا بەهۆی باوەڕی پتەوی بە خودا و وەرەی بەرزی، لە کوشتن ڕزگاری بووە (ڕیچ، ١٣٩٨: ١٢١).

٩ - Sir Gore Ouseley (١٧٧٠-١٨٤٤ی ز): باڵوێزی بریتانیا لە ئێران.

سەرچاوەکان:

١ - سفرنامەی جیمز موریە: سفر دوم (١٣٨٥)، ترجمەی ابوالقاسم سری، تهران، توس.

٢ - بابانی، عبدالقادر بن رستم (١٣٧٧)، سیرالاکراد در تاریخ و جغرافیای کردستان، بە اهتمام محمد رئوف توکلی، چ دوم، تهران، توکلی.

٣ - دهخدا، علی‌اکبر (١٣٧٧)، لغت نامه، چاپ دوم از دورەی جدید، تهران: انتشارات و چاپ دانشگاه تهران.

٤ - ریچ، کلودیوس جیمز (١٣٩٨)، سفرنامەی کلودیوس جیمز ریچ (بخش کردستان)، ترجمه و تعلیق: حسن جاف، تصحیح: فرامرز آقابیگی، چ اول، تهران، انتشارات ایرانشناسی.

٥ - نصیری، محمدرضا (١٣٩١)، تحلیلی بر نقش عبدالرحمان پاشا بابان در روابط ایران و عثمانی در دورەی فتحعلیشاه، پژوهشهای تاریخی، دانشگاه اصفهان، شماره ٤، صص ٢٣ - ٣٤.